# له وەلام بە وەلامی هاوریٚ حمید تقوائیدا

**هاوریٚ حمیدی ئازیز**

**پیشەکی سوپاسو خۆشحالم لەوەی کە لەوکاتەوە ئەم کیشانە لە دەرونی حیزبی ئیراندا هاتوەتەکایەوە، بۆ یەکەمجار رابەری حیزبی ئیران وەلامیکی بە نامەیەکی منی دایەوە.**

**هاوریٚی ئازیز! لە سەرەتای نامەکەتدا ئەو پرسیارەت رووبەرووم کردوەتەوە کە ئایا من تا ئیستا ئاگام لە باسو ئیختلافە سیاسیەکان هەیە، بە تایبەتی باسی حیزبو قودرەتی سیاسی؟ پرسیارەکەم بۆ سەیر بوو، چونکە خۆت دەزانی کە من ئاگام لەو باسانە هەیە، ئەزانی لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە جاریك حزوریو جاریك بە تلفونم قسەم لەگەل کردویو ووتم کە ئەم وەزعە حیزب دەخاتە بەردەم مەترسی ئینشعابەوە، تۆ ووتت نا باوەر ناکەم ئینشعاب رووبدات، بەلام بەداخەوە ئەمرۆ دەبینین خەریکە رووبدات. هەروەها تۆ ئەزانی کە پیش ئەم نامەیە دوو نامەی دیکەم بۆ خۆتو بۆ خۆتو هاوریٚ کورشو بۆ خۆتو مەکتەبی سیاسی ناردوە، هەر لیرە بۆ ئاگاداری هاوریٚی ئازیز امیر توکلی بلیم کە من داوام کردوە کە ئەو نامانەی منیش بخرینە بەردەستی کادرانو لیرەش ئەو داوایە دووپات دەکەمەوە. هەر لە بارەی ئەم وەزعەوە من لەگەل زۆریك لە هاوریانی دیکەی رابەری حیزبی ئیران باسو جەدەلو کیشەم بووە. سەرئەنجام پیم وایە دەبیٚ ئەوە لە نەزەر بگیریٚ کە من وەکو ئەندامیکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئیرانو و سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی عیراق، بەبیٚ ئاگاداری لە مەسەلەیەكو بەبیٚ لیکدانەوەو بیرکردنەوەی تەواو دەخالەت ناکەمو هەلویست ناگرم. ئیوە دەزانن پیشتر لەبەرامبەر بلۆکبەندیەکانی ناو رابەری حیزبدا راوەستامو لایەنگری هیچ لام نەکرد، دەزانن هەر بەم دەلیلە ئامادە نەبووم لە بەغداوە کەسیك لە لندن بکەم بە وەکیلی خۆم بۆ ئەوەی لیستی دەنگدان بۆ هەلبژاردنی مشاورینی کۆمیتەی ناوەندیم بۆ پر بکاتەوە، چونکە ووتم هەرکەس دیاری بکەم رەنگە سەر بە بلۆکیك بیتو سەرئەنجام منیش بەو بلۆکە تداعی بمەوە، بۆیە بە ناچاری دەنگەکەی خۆم سوتاند. دەزانن کە هەر بەم دەلیلە کاتیك لە پلنیۆمی 20 غائیب بووم، لە روانگەی پیداگریم لەسەر وەحدەتی حیزب، ئامادە نەبووم دەنگی خۆم بدەم بە هیچ کەسیکی سەر بە هیچ لایەك، سەرئەنجام دوای تەئکیداتی هاوریٚ رحمان کە لەلایەن پلنیۆمەوە قسەی لەگەل کردمو داوای لی کردم کەسیك بکەم بە نوینەری خۆم بۆ هەلبژاردنی لیدەرو دەفتەر سیاسی، بە تایبەت کاتیك ووتی فەزار زۆر گۆراوەو بلۆکی نەماوەتەوەو شوروشەوق پلنیۆمی داگرتوە، دەنگی خۆم دا بە هاوریٚ ئەمجەد غفور چونکە لەگەل ئەو قسەم کردبوو، ئەو هەلویستی منی دەزانیو خۆیشی لە دەرەوەی بلۆکبەندیەکان بوو، بەلام پلنیۆم ئەوی بە نوینەری من قبول نەکرد بەو دەلیلەی ئەندامی مشاری کۆمیتە ناوەندیە، دوای هەموو ئەمانە من دەنگی خۆم دا بە حمیدی تەقوائی، نەك لەسەر بناغەی دوری یان نزیکی لە باسو بۆچونو بلۆکی ئەوەوە بەلکو لەسەر بناغەی ئەوەی کە ووتم بە پیٚی مەنتق ئەو وەکو لیدەری حیزب دەبیٚ نوینەرایەتی بەرژەوەندی حیزب بکات، هەروەها کەمترین ئیستنتاجی بلۆکی لەم هەلویستەم دەکریت. دەزانم رەنگە هاوریانیك لەم کارەم نیگەران بوبن بەلام ئەمەیان بۆ من لاوەکی تر بوو لە مەبەستە سەرەکیەکەم. ئیستاش دەقیق هاتوم لەسەر هەمان بنەما وەکو لیدەری حیزبی ئیران بانگەوازی حمید دەکەمو مسئولی دەکەم لە گرتنەپیشی شیوازیك کە حیزب لە پارچە پارچە بوون دوربخاتەوە. کاتیك کە لە پلنیۆمی 20 هاوریٚ حمیدم کرد بە نوینەری خۆم رەنگە هاوریانیك لە مخالفینی هاوریٚ حمید لیم نیگەران بووبن، ئیستاش کە تۆ مسئول دەکەم کە دەبی وەکو لیدەر ریوشوینی گونجاو بۆ دروخستنەوەی حیزب لە خەتەری پارچە بارچە بوون بگریتەبەر، رەنگە تۆو هاریانیکی وەکو امیر توکلی لیم نیگەران بن، بەلام من ناچارم ئەم نیگەرانیانە تەحەمول بکەمو بەو جۆرەی پیم دروستە بۆ پاریزگاری لە حیزب هەولی خۆم بدەم. بە هەرحال هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە کە من ئاگاداری باسو کیشەو خلافاتو بلۆکبەندیەکان هەمو بە بۆچونی خۆم بۆ پاریزگاری لە وەحدەتی حیزب دەخالەتم کردوە.**

**هاوریٚ حمدی ئازیز! سەرباری ئاگاداریم لە باسو خیلافە سیاسیەکان، وە سەرباری ئەوەی لە نامەکەمدا باسم کردوەو ئەوەم سەلماندوە کە ئیختلاف هەیە، ئیختلافەکانیش جدیە، من زۆر ئاگاهانە تا ئیستا بە هیچ جۆریك واردی هەلویست گرتنو باس کردن لەسەر ئەو باسو خیلافە سیاسیانە نەبووم، نە تەئیدی باسی کەسم کردوەو نە مخالەفەتم بە باسی کەس کردوە، ئەمە هیشتا مەسەلەی ئەصلی نیە بۆ من، بەلکو من تەنها لەسەر رەوشتو ئیقداماتیك قسەم کردوە کە بە بروای من گونجاو نیە بۆ بردنەپیشی ئەو ئیختلافاتەو حیزب لە گیژاو رادەگریت، من دەلیم ئیختلافات بە جیگای خۆی، بەلام ئەگەر ئاگادار نەبین حیزبەکەمان نامینیٚ تا سبەینیٚ لەسەر خەتو جهەتو پلاتفۆرمەکەی باسو ئیختلافی سیاسی بکەین. باسی من ئەوەیە کە حیزب جیگیای ئۆمیدی ئیمەو جەماوەریکی زۆرە لە ئیرانو ناوچەکەدا، با حیزب بپاریزین، ئەوکات لە چوارچیوەی ئوصولو پیوانەو میکانیزمو سوننەتی حیزبیشدا، وەکو شیوازی منصور حکمت باسو جدلی سیاسی بکەین، نقدی نەزراتی یەکتری بکەین، وە سەرئەنجام لەسەر بناغەی ئەم پیلیمیکە سیاسەتو پلاتفۆرمی حیزب بە پیٚی تصمیماتی پلنیومو کۆنگرە و ئەقەلیەتو ئەکسەریەت بربینەوە. نەك هەرچی جەلسەی مەکتەبی سیاسیو لیك سوربونەوەی ئەندامانی ناو ئۆرگانە رابەریەکانی حیزبە بیخەینە بەردەستی کادرانو لە ئاکامی ئەمەشدا ئەو فەزا ناسالمو پر لە یەکتر شکاندنە بخولقیٚ کە هەرگیز شایستەی پیرەوانی منصور حکمتو حیزبی منصور حکمت نەبوو. هیچ کام لە ئیوە، تۆو کۆرشو هاوریانی تر شایستەی ئەو قسەو برخوردانە نەبوونو نین کە لەم فەزایەدا بەرەورووی بونەوە. باسی من و پیشنیاری من ئەوەبوو کە تازە لە نامەی دەبیری 6دا خۆت بەشیکیت مەترەح کردوە بۆ تەواوکردنی ئەم فەزاو باسانە، من ئەمە بە هەنگاویکی باشو لەو چوارچیوەیەدا دەبینمەوە، بۆیە پیشوازی لی دەکەمو داوام ئەوەیە بە تەواوی کۆتایی بەو فەزاو شیوەیە بهینریت.**

**لە نامەکەتدا دەلیی من باسی ئەوەم نەکردوە کە نەزراتی کەس بخەمە بەردەنگدان بەلکو کۆمەلە هەلویستو تیزیك هەیە کە لە حیزبدا مەترەح کراوەو لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاریو خەتی منصور حکمت نایەتەوە، دەمەویٚ پلنیۆم ئەمە رابگەیەنیٚ. هاوریٚی ئازیز، بەلام لە نامەی دبیری 5 دەقیق باس ئەوەت کردوە کە بریاریك**

ئەهینی بۆ پلنیۆم بۆ ئەوەی نەزراتیکی راست لە حیزب دەرکەیتە دەرەوە، ئەمەش هەر ئەو ئەنجامەی لیدەگیرێ کە من باسم کردوە. بەلام بەهەرحال پرسیاری تازەی من ئەوەیە ئەگەر وەکو خۆت لە سمیناری ئەخیرت ووتت، ئەو هەلویستو تیزانە هیچ کەس دیفاعی لی ناکات، کەس خاوەنی نیە، وە لە هیچ ئۆرگانیکی حیزبیدا پەسەند نەکراوە، ئیتر بۆچی ئەوەندە بوە بە کیشەیەکی گەورە کە حیزبی تا لیواری لیکترازان پال پیوە ناوە؟! ئیتر پیویستی ئەو بریارە بۆ پلنیۆم لە چیدایە؟! بۆچی ئەوەندە بوە بە مەسەلەیەکی چارەنوس ساز؟

سەرئەنجام زۆر ئەو وەلامەم بەلاوە سەیر بوو کە تەوصیە دەکەی حیزبی عیراق پەلە نەکات، دەخالەت نەکات، هەلویست نەگریت، چاوەرێ بکات تا کیشمەکیشەکە بە سەرئەنجامی نیهائی خۆی بگاتو ئەوکات هەلویست بگریت. دیارە سەرباری پەیوەندی تەنگاتەنگی هەمیشەیی هەردوو حیزب، هەر لەم روانگەیەوە بووە کە زور بە درەنگ رابەری حیزبی عیراق لەم کیشانە ئاگادار کرایەوە. بەلام هاروێی ئازیز من نازانم مەبنای ئەم تەوصیەی تۆ چیە، ئیمە دوو حیزبی سەر بەیەك بزووتنەوەی کۆمەلایەتی واحیدین لە ژیر رابەریو ئۆتۆریتەی راستەوخۆی منصور حکمتدا، شکستو سەرکەوتنی هەرلایەکمان کاریگەری راستەوخۆی لەسەر لایەکەی ترو هەموو بزوتنەوەکەمان دەبیت، چارەنوسمان بە توندی لەگەل یەك گرێی خواردوە، ئیمە چۆن دەتوانین تەنها تەماشاچی پرۆسەیەکی خەتەرناك بین کە حیزبی برامانی لەبەردەم خەتەری جدی داناوە؟ چۆن دەکریت بە دەوری خۆمان هەموو هەولیك نەدەین بۆ دروخستنەوەی حیزب لەم خەتەرە؟ پاش ئەوەی کە کیشە بەسەرئەنجامی نیهائی خۆی گەیشت تازە هەلویستی ئیمە بە کەلکی چی دیت؟ من دەوری خۆمو حیزبی عیراق لەوەدا نابینمەوە کە دوای لیکترازانی حیزب هەلویست بگرێو بلی کام لا لەسەر حەقەو کام لا ناحەقە، بەلکو دەبی دەوری هەبیت لەوەی کە لیکترازان روونەدات، حیزب یەکپارچە بمینێ. هیچ کات پەیوەندی نیوان ئەم دوو حیزبە وا نەبووە کە هەرلایەك تەماشاچی کیشەو گرفتەکانی ناوخۆی لایەکەی تربیت تا بەسەر ئەنجام دەگات ئینجا هەلویست بگریت، ئیمە هەمیشە کاتیك کیشەیەکمان بووبێ لە زووترین کاتدا رابەری حیزبی ئیرانمان ئاگادار کردوەو داواکاری دەخالەت کردنی بووین، هەمیشەش دەخالەتی کردوەو کۆمەکی کردوە لە چارەسەری کیشەکان. منصور حکمت خۆی رەمزی ئەم جۆرە دەخالەتو هەست بە لیپرسراویتیە بوو بەرامبەر حیزبی عیراق. ئیوە هەمیشە لە پلاتفۆرمەکانتاندا باسی پەرەپیدانو پتەوکردنی پەیوەندی دەکەن لەگەل حیزبی عیراق بەلام نازانم ئەم تەوصیەیە بۆ دەخالەت نەکردنمان چۆن لەگەل ئەو پەیوەندیە دەگونجینن؟! ئیوە چونە کە دەتانەوێ باسو بەلگەنامەکان بخەنە بەردەم ئەندامانی حیزبی ئیران بۆ ئەوەی بە دەخالەتی ئەوان ببریتەوە، بەلام لەلایەکی ترەوە داوا دەکەن لایەکی رابەرانی ئەم بزووتنەوەیە دەستەوئەژنۆ دانیشنو دەخالەت نەکەن؟

راستی ئیمە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیرانو چارەنوسەکەی راستەوخۆ پەیوەست بە خۆمان دەزانین، بەشیکە لە چارەنوسی ئیمە، لەم بارەیەوە بە کارو مسئولیەتی سیاسی خۆمان دەزانین کە دەخالەتی جدیو فعال بکەین بۆ دەربازکردنی لەم بحرانەی تێی کەوتوە. بەداخەوە ئیمە نەك پەلەمان کردوە بەلکو تەئخیرمان بوەو هۆیەکی سەرەکی ئەم تەئخیرەش ئەوەیە کە ئیوە زۆر درەنگ حیزبی عیراقتان لەم باسو کیشانە ئاگادار کردەوە. ئیستاش مەسەلەی سەرەکی بۆ ئیمە پیش هەموو شت پاراستنی یەکپارچەیی ریزەکانی حیزبە، پاشان کە زەمینەو فەزای سالمی سیاسی بۆ جدل لەسەر ئیختلافەکان پیکهاتو بەواقعی صورەت مەسەلە بوو بە ئیختلافی سیاسی لەسەر باسو لیکدانەوەو پلاتفۆرمەکان، ئەوکات بەدور لەم فەزایەی ئیستا دەکریت پرۆسەیەك تیپەربکریت کە بە واقعی حیزب تیایدا پوختەترو خاراوترو سەرئەنجامیش مەحکەمتربیت. لەو پرۆسەیەدا ئیمەش بێ نیگەرانی لە چارەنوسی حیزب دەتوانین لە باسو پلیمیکەکان بەشداری بکەینو نەزەری خۆمان بدەین. من دووبارە دەلیم هەروەکو خۆت لە نامەی دەبیر 6 باست کردوە، وەزعیەتەکە بە جیگایەکی زۆر حەساسو خەتەرناك گەیشتوە، پیویست دەکات بە دیقەتو هەستی لیپرسراویتیەکی بەرزەوە مامەلەی بکەین، بە بروای من تۆ وەکو لیدەری حیزب پیویستە ریگایەکی گونجاو بخەیتەروو بۆ دەرهینانی حیزب لەم خەتەرە، وە ئەمە دەبیتە مایەی شانازیەکی گەورە بۆ خۆتو هەموومان. من لەم بارەیەوە لە نامەی پیشومدا پیشنیاری خۆم کردوەو تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە. بە هیوای تیپەراندنی سەرکەوتوانەی ئەم توندپیچە.

لەگەل ئەوپەری ریزمدا

ریبوار احمد 2004-8-9